www.kurdistannet.org
09/03/2002 19:25

# یادی شەهیدی سەرکردە " سەعدی گچکـــــە"

شـــێرزاد هەیـــنی ـــ سوید
heinisherzad@hotmail.com

لەوەتی کاك کاروان عومەر کاکەسووری نوسەرم ناسیوە، بە تلفۆن جاروبار قسە دەکەین، پرسیار لە دوا پرۆژەی نوسینی رۆژانەی منالّیەکەی دەکەم. ئەویش هەر دەلّێ وا خەریکم و دەنووسم، رۆژانەی سەیداوەو هەفتاکانی منالّیم زۆری لەبارە، هەر دەنووسم و زۆرترم بەبیر دێتەوە. بۆ نمونە لەم بەشەدا، باس لە سەرکردەو پێشمەرگەیەکی ئازام هەلّبژاردووە، لە سەیداوە ناوێك و کەسێك و پێشمەرگەیەك هەبوو، ناوی سەعدی گچکە بوو، زوو شەهید بوو. ناوی ئەوم هێناوە. بەلّێ ناوی ئەوو یادی ئەو، کەم و زۆر بەندبووە بەو شارە، بەو گەرەکە. ئەو، کە لە گوندێکی دەشتی هەولێر هاتە ئەو گەرەکە، هاتە سەیداوە زوو چوبوە ناو رێزەکانی حزبایەتی، هەفتانە جەمەدانیە خاوێنەکەی لەسەری دەئالاّندو هەر بە جلوبەرگی کرێکارییەوە، بە دەستی بە ژانی رۆژانەی کارەوە، بە شانی بە قوورەوەو بە دلّسۆزی دەچووە کۆبونەوە. لە پارە کەمەکەی رۆژانەی ئابوونە دەداو شانازی پێوە دەهات. زوو کاری حزبایەتی کرد. زوو لە رەوشتی توندی وەستاو خاوەن کارەکان بێزاربوو. زوو لە عەسکەری فیراری کرد، زانی تاقە بەرنامەو کۆشش بۆ رزگاری لەو هەموو کۆت و چەوسانەوانە شۆرشە، بۆیە زوو بووە پێشمەرگە. هەر لە پێشمەرگایەتیش زوو ناوی بە ئازایەتی و پابەندبوونی بە فەرمانەکانی حزب و سەنگەرەکان لەهەموو پارچەیەکی گڕو شەڕی گەرمی ئەو شۆرشە لێ بەدیارکەوت.

شەهیدی سەرکردە سەعدی گچکە، پاش رێکەوتنامەکەی ئازاری ١٩٧٠ وەك سەرلقێکی بەناوو کادرێکی بە تواناو خوێندەوارێکی چاك، ورياو ئاگادارو هوشيار لە شتەکان هاتەوە. کە شەڕەکە دووبارە هەلّگیرسایەوەو ئەو وەك سەرکردەیەك، بە وزەیەکی ترو بە پلەیەکی دیارتر بەشداربوو. لە شاخە سەختەکانی شیشارو ماکۆك و بێرمەکەدا، ئازایەتی و سەرکردایەتی بێ وێنەو تازەی لە شۆرشا نواند. بەرگری و راوەستان لەرووی تۆپبارانی چڕو بۆمبارانی لێزمە ئاسا لەو فێربوون. شەڕی بەرەیی و شەڕی بەردەوامی و خۆراگری زۆر بەرنامەی یەکەمی ئەو بووە لەو شەڕانەدا. ئەو رۆژانەی من لە بەغدا خوێندکاربووم، ئەو لە بەغدا دوورخرابۆوە، لە گەرەکێکی جوانی پایتەختا جێگایان بۆ دیارکردبوو، چەندجار ئێوارانی هەینی دەچوومە خزمەتی، کە پرسیارم کرد، چۆنی و ژیانی ئێرەت چۆنە. ؟؟!

لە وەلاّمدا، بە سۆزەوە، بە دلّنیاییەوە وتی:

لە گوندی کەسنەزانی پشت هەولێر بکوژرێم، لە ژیانی رازاوەو خۆشی ئێرە خۆشترو شەریفترە. زۆری نەخایاند، بۆ هەلّگیرسانەوەو دووبارە نوژنکردنەوەی شۆرش رووی لە شاخەکان و گوندەکانی خۆشناوەتی کردەوە. ئەو ماوە کورتەی لە ناو ئەو شۆرشە تازەیەدا، وەك بەرپرسێکی عەسکەری و ناوێکی پاك و بێ گومان، باوەرپێکراو لە لایەن جەماوەرو

هەموو لایەنەکانی ئەو کاتی گۆرەپانەکەو ململانێکە جێگەو هزری دیاربوو. ئەو بە ماوەیەکی کورت و بە چەند شەڕی نەبەردانە توانی بروا بە خەڵکی بێ ئومێدی کوردستان بێنێتەوە، کەوا شۆرش بەردەوامەو خەبات و حزبایەتی مەوداو بەرنامەو کاری نوێی گرتیتە بەرو هیوا هەماوە.

تا ئەو رۆژەی لە رۆژی ٨ / ی مارتی ١٩٨٧ لە گوندی " دەشتێو " ی ناوچەی قەڵادزە لەگەڵ دەستەیەکی ئازای پێشمەرگەدا دووچاری چەندین فرۆکەو هێرشێکی گەورەی سوپای پر چەکی حکومەت هاتن و لە شەرێکی بێ وێنەو خوێناوییدا، شەهید بوو.

لەو شەڕەدا، بە دەستەیەکی ژمارە کەم و بە چەکی زۆر سادە، داستانی " دەشتێو " ی قارەمانیان بە خوێنی خۆی و ( ١٢) پێشمەرگە تۆمارکرد. تەرمەکانیان کەوتە دەستی حکومەت و جەماوەری نەبەردی شاری قەلادزەی سەرکەش لە رێپێوانیکی مەردانە هەموویان لە گۆرستانەکەیان بە شکۆوە ناشت.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، شەهیدی سەرکردە " سەعدی گچکە " بێجگە لەوەیی لە شۆرشی نوێ و لەناو رێزەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان دەوری کاریگەری هەبوو، ئەو زوو رەچاوی سەرکردەو لێهاتوویی لێ دەکرا. لەهەموو کاروان و بۆچوون و هزری تازەدا پێشەنگ بوو. وەك کەسایەتی، پیاوێکی بەرێزو گران و هێمن بوو، لەناو توێژەکانی کۆمەلدا، لە گەڵ روشنبیران و کەسانی روشنفکرا، هاوشان و هاوبیربوو. هزری پێشکەوتنخوازی هەبوو. زوو لە ناوەرۆك و نهێنیەکان حالّی دەبوو، لە را دەربرینا دوودڵ و ترساو نەبوو. پێشبینی بۆ رووداوەکان هەبوو. قسەخۆش و خۆش مەجلیس و دۆست و هەڤالی زۆری هەبوو. هەر زوو، کە لە رێزەکانی دەشتی هەولێر، وەك پێشمەرگەو سەردەستەو سەرلق تا گەیشتە ئامیر بەتالیۆن دەنگ و بیرو رای تایبەتی هەبوو و پرسی پێدەکرا. ئەوانی بە پلەی حزبی و پێشمەرگایەتی لەو پایەدارتربوون، زوو پرسیاریان لە هەموو مەسەلەکان لێدەکرد، زۆریش حیسابیان بۆ بۆچوونەکانی دەرکرد.

تا ئەو رۆژەی ئەستێرەی خەبات و ئازایەتی کادرو سەرکردە سەعدی گچکە لە مەیدانی کوردایەتی کوژایەوە، ئەو پێشەنگ و ئازایانە کاری کرد، بەداخەوە کە زوو شەهیدبوو. . ! ئەگەرنا بەرنامەو کاروانەکەی زۆر شکۆدارتر دەبوو. تا کاروانەکەی لەو رۆژەوەو هەر لەو دەقەرە قارەمانەدا لە رۆژانی راپەرینی ئاداری ١٩٩١ بە ئاکامی سەرکەوتن گەیشت و پێشمەرگەکانی ئەوو دڵسۆزانی ئەو لەسەر گۆڕی ئەوان بەرەو هاوکاری و هاوسەنگەری راپەرینی جەماوەری کوردستان دابەزین.

---

* بۆ "کوردستان نێت" و رۆژنامەی " ئالای ئازادی " لە سلێمانی نوسراوە.